## موقتەدا سەدر داوای پاراستنی پێکهاتە و نەتەوەکانی سووریا دەکات



ڕێبەری ڕەوتی سەدر لە عێراق، نیگەرانیی قووڵی خۆی بەرامبەر دۆخی سووریا نیشان دەدات و داوای پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتە دەکات لە هەر هەڕەشە و توندوتیژییەک.

لە پەیامێکدا کە لە 8ی کانوونی دووەمی 2026 بڵاوکراوەتەوە، موقتەدا سەدر نزا و هیوای خۆی بۆ ئارامیی سووریا دەربڕیوە، لە پەیامەکەیدا جەختی لەسەر پێویستیی پاراستنی گەلی سووریا کردووەتەوە بە هەموو تایفە و پێکهاتەکانییەوە، بەتایبەتی ئاماژەی بە پێویستیی پاراستنی سوننە، شیعە، درووز، کورد، مەسیحی و تەواوی کەمینەکانی تری ئەو وڵاتە کردووە.

سەدر هیوای خواستووە سووریا و گەلەکەی لە هەموو جۆرە خراپە، توندوتیژی و زیانێک بەدوور بن، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بە ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە بەهۆی شەڕ و ململانێکانەوە ڕووی لەو وڵاتە کردووە.

